# ماچ و مەرگ

**حەمید شەریفی**
٢٠٠٧/٤/٢٧

(بۆ ئەو کچانەی لە جێگای ماچ دەمیان نایە ناو دەمی مەرگ)

پێتان وایە سەیر نییە!
قەسابییەکان ئەوەندە زۆرن
باتیڤیەکانیش
بە قوربانی بەرخۆلەکان
نەخۆشەکان خۆش کەنەوە
ئیتر خوێن سەرنجی کەس ڕاناکێشێت
ئەزانم لەم وێنەیە کەس سەیری لێ نەهاتووە!
لاشە گۆشتەکانی سەر شەقام و
پێلاوەکانی پشت شووشە
پێتان وایە سەیر نییە!
لە هەڵمەتێکی زۆر دلێرانە و شێرانەدا
دەستڕێژی سێکسی کرابێتە سەر
پشیلەیەک
سەگێک
یان کەرێک
ئیتر خوێن سەرنجی کەس ڕاناکێشێت
ئەگەر پیاون بڵێن
ئەو هەموو کەسە لەوێ بوون،
بۆ سەیرکردنی لەشی ڕووت هاتبوون
یان پەڵە خوێنی سەر بلۆک
ئەرێ
سەری پانەوە بوو
وەرن
سەیرکەن
خوداکەتان
لە ناوگەڵی کچەکانماندا
خەوی لێ کەوتووە
ئیتر لەم وڵاتە، خوێن سەرنجی کەس ڕاناکێشێت.

(بۆ ئەو کچەی بە تەنهانی ماچی دابوو، بەڵام بە ڕووتی کوشتیان)

# عیشق و بلۆک

هەمیسان ئەڵیم
کوردستان خۆشە
زۆر خۆشە
بەڵام ئەبێ وریا بی
چونکە بلۆکەکانی قورسە
زۆر قورسە
کچە وتی:
داخم لەوە نەهات سەرمیان پانکردەوە
یان ئەوینیان کوشت
یان دونیا،
ئەیوت:
پۆلیس لەوێ بوو
خەڵکیش لەوێ بوون
کەس دەستی خوداشی نەگرت
بەڵام هەموو کەس،
لەشی ڕووتمی
ئای وێنەیان گرت
ئای کە خۆش بوو
ئەزانن ئەم دەڤەرە بۆ خۆشە؟
ئیتر هیچ کارەستێ شۆکت ناکا.